# وەزیری مەسینە هەڵگرەکان!

**کەیهان عەزیز**

**من لەمێژە زانیوومە کە: دەعبایەک ناوی دیموکرات بێت و24ساڵ نەخوێنەوار وسەرۆک قەبیلەیەکی گەوجی کردبێتە سەرۆکی خۆی! پارت نییە.ئەوکۆمەڵگایەشی ئەم چرەندیات ودەستەجاتەمافیانە پەسەند بکات ،کۆمەڵگایەکی نەخۆشە.**

**دەورانی مەلابارزانی هەرچی شێخ وسەرۆک خێڵ ونەخوێنەوارومەسینەهەڵگری بنەماڵەبوو،پۆستی گرنگیان پێدرابوو و،بۆیەش کوردیان وا بەترِیندا وئاشبەتاڵیان کرد.کەچی پریمیتیڤی کورد بوو،جارێکی تر ئەم قومارچیە سیاسیانەی هێنایەوە گۆڕەپانی سیاسەت ودووبارە کەوتنەوەپیشەی هەمیشەییان.**

**کەریم سنجاری، مەسینەهەڵگری ڕێبازە نەمرەکەیە،بۆیەئەو پۆستەگرنگەی دراوەتێ وکراوەتە وەزیری نێوخۆ.هەڵبژاردنی نەخوێنەوارێک(کەریم) لەلایەن نەخوێنەوارێکە (مەسعود) وە هەر ئەمەی لێدەکەوێتەوە.کەریم وادەزانێت بوون بە "بۆبی وسکوبی دو"! یەکێکە لەئەرکەکانی وەزیری نێوخۆ،بۆیەوا ڕەفتارلەگەڵ هاووڵاتیان وڕۆژنامەنووسان ونووسەران وڕۆشنبیران دەکات.**

**فاڤۆریتێکی تری ڕاستەقینەی مەسعودی تایینەقاقاکۆنەپەرست،بۆ وەزارەتی پێشمەرگایەتی،حەمیدئەفەندیە.کەسویدیبوونیشی نەیکردە بەشەر و فێری واتای دیموکراسی نەکرد.بۆیە لەسەرپەیڕەوەی مەلابارزانی وئیسلام،ڕەوەژنێکی هێناوەو گوایەدەیەوێت قەرەبووی کۆمپلێکسەکانی دەورانی گەنجێتی بکاتەوە،چووە تابوورێک ژنی ڕیزکردووە.ئاخرئێمەلێرە، سەرەڕای گەنجێتیشمان (لەڕووی سێکسی و بژێویشەوە) ،بەدەست تاکە ژنێکەوە گیرمانخواردووە!**

فاڤۆریتێکی دیکەی مەسعودی خێڵەکی،نەخوێنەوارێکی وەک نێچرەوان بارزانییە! تەنها لەبەر ئەوەی برازاو زوایەتی،کردوێتیە سەرۆک وەزیران!وبۆدجەی چەندسەد ملیۆن دۆلاری خستۆتەبەر دەست!
سەیرترین فاڤۆریتی ئەم جامانەسوورە، کوورەجامانەسوورەکەیەتی،کەوێڕای ئەوەی بەپارەو پووڵی کوردخوێندنی تەواوکرد!کەچی کردوویێتی بەسەرۆکی ئاسایش و،لەپێناوی دەسەڵاتی ڕەهای جامانەی سووردا سڵ لە هیچ خراپەوگەندەڵیەک ناکاتەوە.
بەڕاست ئێوە بەچیتانەوە دەنازن وچیتان بۆکورد کردووە تاوا سەدامئاسا بەربوونەتە گیانی خەڵک و،خۆتان لەسەرو هەمووشتێک دەبیننەوە؟
سەرۆک وحکومەتە مۆبۆکراسی(چەورەوچەتەوهەرچی وپەرچی)یەکەی ئێوەش،ستراکتۆرو ماتریالەکەی، لەهەمان پۆخڵەوات دروستبووە,کەلەخۆرهەڵاتی نێوەراستدا باوە.بۆیەلەوبەرگۆڤاری"نڤار"کلۆم دەکرێت و"کازیوەساڵح"ی سەرنووسەری دەگیرێ ،لەمبەریش "ئاکۆمحەمەد" سەرنووسەری "میدیا"و"مووسائەحمەد"ی بەرپرسی پەیمانگای ڕاپرسەسیاسیەکان.
ئاخرئازادی و مافی مرۆڤ ودیموکراسی چۆن لە بازاڕی بێڕەوشتی سیاسیدا واتایان دەبێت.

Brussel,11/08/2005
{ HYPERLINK "http://www.kayhanaziz.blogspot.com" }

| | |
|---|---|
| Bestandsnaam: | waziri masina!.doc |
| Map: | C:\Documents and Settings\kia\Bureaublad |
| Sjabloon: | C:\Documents and Settings\kia\Application Data\Microsoft\Sjablonen\Normal.dot |
| Titel: | وەزیری مەسینە هەڵگرەکان |
| Onderwerp: | |
| Auteur: | kia |
| Trefwoorden: | |
| Opmerkingen: | |
| Aanmaakdatum: | 12-8-2005 12:35 |
| Wijzigingsnummer: | 17 |
| Laatst opgeslagen op: | 14-8-2005 4:11 |
| Laatst opgeslagen door: | kia |
| Totale bewerkingstijd: | 158 minuten |
| Laatst afgedrukt op: | 14-8-2005 4:16 |
| Vanaf laatste volledige afdruk | |
| Aantal pagina's: | 2 |
| Aantal woorden: | 389 (ong.) |
| Aantal tekens: | 2.143 (ong.) |